# "تۆڵەی ژن"

**نووسین: ئانتوان چۆخۆف**

**و: كامیل نەجاڕی**

لە زەنگی دەرگایان دا. "نادژدا پێترۆنا" خاوەنی ئەو ئاپارتمانەی چیرۆكەكەی ئێمەی لێ روو دەدا، بە پەلە لە سەر قەنەفەكە هەستا و بەرەو دەرگا رایكرد و لەبەر خۆیەوە دەیكوت: "بێگومان مێردەكەمە"..

بەڵام كاتێك دەرگای كردەوە، لەگەڵ پیاوێكی نەناسیاو رووبەڕوو بۆوە. پیاوێكی باڵابەرزی جوانچاك، بە پاڵتۆیەكی پێستیی بەنرخ و عەینەكی دەسك زێڕ لە بەرامبەری دا وێستابوو، دەموچاوی تێكنابوو و نێوچاوانی گنجی تێكەوتبوو، چاوە خەواڵووەكانی بە جۆرێك لە بێخەیاڵی و سەرنجنەدان دەیڕوانییە جیهانی خۆڵینەی ئێمە.

نادژدا پرسیاری كرد: كارێكتان هەیە؟

- من پزیشكم خاتوونی بەڕێز. لە لایەن بنەماڵەیەك بە ناوی ... بەناوی چلۆبیتیف بانگهێشتی ئێرە كراوم... ئێوە خاتوو چلۆبیتۆف نین؟

- بەڵێ بۆخۆمم. بەڵام تۆ ئەوخوایە جەنابی دوكتور... داوای لێبوردن دەكەم. مێردەكەم شەوی رابردوو تای لێ هاتبوو و ددانیشی كیسی كردبوو. ئەو خۆی نامەی بۆ ئێوە نووسی و تكای كردبوو تەشریفتان بێتە ئێرە بەڵام ئێوە ئەوەندە درەنگ هاتن كە ئەو نەیتوانی لەبەر ژانی ددانی خۆ راگرێ و چوو بۆ لای ددانساز .

- حەح ... حەق وابوو بچووبایە بۆ لای ددانسازەكەی و موزاحیمی من نەبووبا...

ئەوەی وت و نێوچاوانی تێكنا. نزیك خولەكێك لە بێدەنگی دا تێپەڕی.

- جەنابی دوكتور. داوای لێبوردن دەكەین كە ئێوەمان زەحمەت دا و تا ئێرەمان هێنان... بڕوا بكەن ئەگەر مێردەكەم دەیزانی تەشریف دێنن بە هیچ شێوەیەك نەدەچوو بۆ لای ددانساز... ببوورن.

خولەكێكی تر لە بێدەنگی دا تێپەڕی. ناژدا پێترۆنا پشتەملی خۆی خوراند. دوكتور لە ژێر لێوەوە بە بۆڵەبۆڵ وتی :

- خاتوونی بەڕێز، تكایە بەڕێم كەن! دروست نییە من لەوە زیاتر لێرە مەحتەل بم. كاتی ئێمەمانان ئەوەندە بە نرخە كە...

- مەبەستتان ئەوەیە ... خۆ من ... من خۆ مەحتەلم نەكردوون...

- بەڵام خاتوونی بەڕێز، خۆ من ناتوانم بە بێ وەرگرتنی حەقدەستەکەم لێرە بڕۆم.

نادژدا پێترۆنا سوور هەڵگەڕا و بە پتەپت کوتی:

- حەقدەست. بەڵێ راست دەفەرموون... دەبێ حەقدەست بدەین. راست دەفەرموون... ئێوە زەحمەتتان کێشاوە، تەشریفتان هێناوەتە ئێرە... بەڵام جەنابی دوکتور. بڕوا بکەن زۆر شەرمەزارم... کاتێك مێردەکەم لە ماڵ وەدەرکەوت، کیفی پارەکەشی لەگەڵ خۆی برد... بە داخەوە هیچ پارەیەکمان لە ماڵێ نییە.

- حەح... زۆر سەیرە! کەوایە دەفەرموون من دەبێ چ بکەم؟ خۆ من ناتوانم لێرە دانیشم و چاوەڕوانی مێردەکەتان بم. ژوورەکانتان بپشکنن رەنگە پارەیەك بدۆزنەوە... حەقدەستی من لە راستیدا پارەیەکی زۆر نییە...

- جەنابی دوکتور، بڕوام پێ بکەن مێردەکەم هەموو پارەکەمانی لەگەڵ خۆیدا بردووە... من بە راستی شەرمەزارم... ئەگەر پارەم لە لا بوایە بە هیچ شێوەیەك لەبەر روبلێکی بێ قیمەت ئەو بارودۆخە قۆڕەم قەبووڵ نەدەکرد.

- خەڵك بە جۆرێکی سەیر لە حەقدەستی پزیشکەکان دەڕوانن... بە خوا سەیرە! جۆرێك هەڵسوکەوت دەکەن وەك بڵێی ئێمە مرۆڤ نین. هیچ حەسابێك بۆ کار و زەحمەتی ئێمە ناکەن... بیری لێ بکەنەوە. ئەو هەموو رێگایەم پێواوە و تووشی زەحمەت بووم... کاتم بە فیڕۆ چووە...

- من تێدەگەم جەنابی دوکتور بەڵام قەبوولی بکەن جاری وایە لە ناو ماڵی کەسێك دا تەنانەت فلسێکیش نادۆزرێتەوە!

- ئاە ... من چیم لەو "جاری وایە"گەلە داوە؟ خاتوونی بەڕێز ئێوە بەڕاستی ... سادە و نامەنتیقین... خۆ بواردن لە دانی حەقدەستی پزیشکێك... کارێکی ـ تەنانەت ناتوانم بڵێم ـ بێ ویژدانانەیە... لەبەر ئەوەی کە من ناتوانم لە لای پۆلیس سەر کۆڵان شکایەتتان لێ بکەم، ئێوە خەریکن بە ئاشکرایی کەڵەگایی لە من دەکەن... بە راستی زۆر سەیرە.

پاشان تۆزێك هات و چوو. لە جێی سەرجەم مرۆڤایەتیی هەستی بە شەرمەزاری دەکرد... روخساری نادژدا پێترۆنا وەها سوور هەڵگەڕابوو وەك بڵێی کوڵمەکانی گڕیان گرتووە. ماسوولکەکانی دەموچاوی لەبەر رق و قین وێکهاتبوونەوە. پاش بێدەنگییەکی کورت بە توندی وتی:

- باشە! یەك خولەك مۆڵەتم پێ بدەن!... ئێستا کەسێك دەنێرمە دووکانی سەر کۆڵانەکەمان، بەڵکوو بتوانم پارەیەکی لێ قەرز کەم... خەمتان نەبێ، حەقدەستەکەتان دەدەمێ.

پاش ئەوە چووە ژوورەکەی تر و نووسراوەیەکی بۆ دووکانداری سەر کۆڵان نووسی. دوکتور باڵتۆکەی داکەند و چووە ژووری دانیشتن و لە سەر قەنەفەیەك خۆی پان کردەوە. هەردووکیان بێدەنگ چاوەڕوان بوون. پاش پێنج خولەك وڵام هاتەوە. نادژدا پێترۆنا سەری پاکەتەکەی کردەوە و لە توێی یادداشتی وڵامی کابرای دووکاندار، پارەیەکی یەك روبلی دەرهێنا و بەرەو دوکتور رایداشت. چاوەکانی دوکتور لەبەر

تووڕەیی درەوشاوە. پارەکەی لەسەر مێزەکە دانا و وتی: خاتوونی بەڕێز، وا دیارە گاڵتەتان بە من دێ. ڕەنگە نۆکەرەکەم یەك روبل وەربگرێ بەڵام من هەرگیز!... ببوورن...

- ئەی چەندەتان دەوێ؟

- من 10 روبل وەردەگرم... هەڵبەت ئەگەر ئێوە بخوازن دەتوانم پێنج روبلتان لێ قەبووڵ کەم.

- پێنج روبلم لە کوێ بوو؟... من هەر سەرەتا پێم کوتی پارەم نییە.

- نووسراوەیەکی تر بۆ دووکانداری سەر کۆڵان بنێرن. کەسێك کە بتوانێ یەك روبلتان بە قەرز بداتێ، ئەی بۆ پێنج روبل نەدا؟ مەگەر بۆ ئەو هیچ جیاوازییەکی هەیە؟ خاتوونی بەڕێز، تکایە لەوە زیاتر مەحتەلم مەکەن. من کەسێکی بێ ئیش نیم و کاتم نییە...

- گوێ بگرە جەنابی دوکتور. ئەگەر بە بێشەرمتان نەزانم لانی کەم دەبێ بڵێم کەم لوتف و نادلۆڤانی! نا! تووڕە و بێ روحم! تێگەیشتی؟ جەنابت نەفرەتباری!

نادژدا پێترۆنا بەرەو پەنجەرەکە سووراوە و لێوی بە ددان کرۆشت. دڵۆپەی درشتی فرمێسك لە چاوەکانی داڕژایە خوار. لەبەرخۆیەوە وتی:

"سەگە پیاوی خوێڕی! بێشەرەف! حەیوان! ئیزن بە خۆی دەدا... دەوێرێ... ئاخر بۆ نابێ لەو بارودۆخە نالەبارەی من تێبگا؟ ... راوەستە ئێستا پێت دەڵێم پووتێك چەند کیلۆیە"!

بەرەو دوکتور وەرسووڕایەوە. ئاسەواری خەم و پەژارە و پاڕانەوە بە روخساریەوە دیار بوو. بە دەنگێکی هێور و نزائاسا وتی :

- جەنابی دوکتور! جەنابی دوکتور، خۆزگە لە ناو ئەو سینگەتان دا دڵێك لێیدەدا، خۆزگە دەتانویست تێبگەن... هەرگیز رازی نەدەبوون لەبەر پارە ئەوەندە ئازارم بدەن... وا دەزانن خۆم خەم و پەژارەم کەمە؟

لەو کاتە دا دەستی بەرەو سەری برد و لە ناکاو لە چاوتروکانێکدا خەرمانی قژی ـ وەك بڵێی لە دەوری فەنەرێك هاڵابوو نەك لە دەوری سەری ـ رژایە سەر شانەکانی...

- لە داخی ئەو مێردە گەوجەم ئازار دەچێژم... لەو کەلاوە بۆگەن و نەفرەتخوڵقێنە هەڵدەکەم... و ئێستا پیاوێکی خوێندەوار رێگا بە خۆی دەدا سەرکۆنەم بکا و لێم تووڕە بێ. خودایە گیان تا کەی دەبێ ئازار بچێژم؟

- بە ڵام خاتوونی بەڕێز، قەبووڵ بفەرموون کە هەلومەرجی تایبەتی ئێمە دوکتورەکان...

بەڵام دوکتور ناچار بوو وتەکەی ببڕێ، نادژدا پێترۆنا لەترێکی دا و خۆی خستە ناو باوەشی دوکتورەوە کە دەستەکانی بەرەوڕووی ئەو درێژ کردبوو و لەهۆش چوو... سەری بەرەو شانی دوکتور لار کردەوە و لەوێ ئارامی گرت.

خولەکێکی دواتر لە ژێر لێوەوە وتی:

- وەرن لەو لایەوە ... لە لای شۆمینەکە دوکتور... وەرنە پێشتر... هەموو شتێکتان بۆ دەگێڕمەوە ... هەموو شتێك...

سەعاتێك دواتر دوکتور ئاپارتمانی نادژدا پێترۆنای جێهێشت، هەم دڵمەند بوو و هەم شەرمەزار، هەم سەرخۆش... لە کاتێك دا کە سواری سورتمەکەی خۆی دەبوو لەبەر خۆیەوە وتی:

"پیاو کاتێك بەیانیان لە ماڵ وەدەردەکەوێ، نابێ پارەی زۆر لەگەڵ خۆی ببات! رەنگە ناچار بێ هەموو پارەکەی خەرج بکات"!